بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
پان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT #SupportKurdistan
Wed, 14. Feb. 2018 No: (5453)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دەزگ: 07504456553 - 07504688380 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

ڕەشانگ

دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

دروێ سێبەرەمان

سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی، سێبەرەمان کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی هەیە، قسەم لەسەر کۆنگرەکانی پێش کۆتایی شەڕی داعش نییە، تەنیا ئاماژەیەکی خێرا بۆ چوار مانگی دوای 16ی ئۆکتۆبەر دەکەم، لەو ماوەیەدا زۆرترین قسەی لەبارەی کوردستانەوە بووە، لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی دوای 16ی ئۆکتۆبەر گوتی حەشد و سوپای عێراق ئازایانە چوونە کەرکووک و خورماتوو بێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن بڕژێت، کەچی ئەوەی ڕوویدا هەمان شت بوو کە داعش کردی، جارێ هەر زوو نووری مالکی جێگری سەرۆک کۆمار، درۆیەکی عەبادی سۆرکردەوە و گوتی ئەگەر ڕێککەوتنی گرووپێکی کوردی و ئێران نەبوایە نەماندەتوانی کەرکووک بگرین.

دوای ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوایان لە بەغدا کرد لەگەڵ هەولێر ڕێکبکەوێ و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بنێرێت، حەیدەر عەبادی هەفتانە قسەی لەبارەی مووچەی کوردستانەوە کردووە، لێ هەر پەیمان و بەڵێنی داوە و هێنان و بردنی کردووە، تا کار گەیشتە ئەوەی بۆ وردبینی لە لیستی مووچەخۆران، لە بەغداوە لیژنە بێنە هەرێمی کوردستان.

عەبادی یارییەکی جوانی کات بەڕێکردن دەکات، بەڵام سەیر و سەمەرەکە لەوەدایە، هەندێ حزبی کوردستان، هیوایان لەسەر ئەو درۆیانە هەڵچنیوە، ئەمەش پاش ئەوە هات بۆ گەرمکردنی ناکۆکیی حزبی، خۆیان نا بەڵکو لە ڕێی ژمارەیەک داماوەوە، لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی «ئەی هاوار عەبادی مووچەمان بۆ بنێرە» ، «بەڵێ بۆ عەبادی و نەخێر بۆ کوردستان»یان بەرزکردەوە، کاتێ شاندێکی گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانیش لە سەرەتای ئەمسااڵەوە چووە بەغدا، پێشنیازیان بۆ عەبادی کردبوو لە ڕێی حکوومەتی هەرێمەوە مووچە دابەش نەکات، لە دوا کۆبوونەوەی عەبادی و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق لەبارەی بوودجەی 2018 عەبادی گوتبووی هەندێ لایەنی کوردستان داوام لێدەکەن مووچە نەنێرم.

ئەوەی عەبادی بە کوردستانی دەکات، وەک چیرۆکی باوک و کوڕێکە، کوڕەکە بە گوێی باوکی نەدەکرد، باوکەکە هەر داوایەکی لێکردبا، کوڕەکە نەیدەکرد یان پێچەوانەی دەکرد، جارێکیان پێکەوە گوێدرێژێکیان بە بارەوە وەپێش خۆ دابوو، گەیشتنە سەر پردێک بارەکە خوار بوو، خەریک بوو گوێدرێژ بە بارەوە بکەوێتە ڕووبار، باوک لە دڵی خۆیەوە گوتی کوڕی خۆم دەناسم هەر داوایەکی لێ بکەم پێچەوانەکەی دەکات، پێی بڵێم بارەکە ڕاست بکەوە، زیاتر خواری دەکات و گوێدرێژ و بارەکەم دەکەونە ڕووبار و زیانم پێدەکەوێ، بۆ ئەوەی بارەکە ڕاست بکاتەوە، باشتر وایە پێی بڵێم کوڕم ئەو بارە ڕاست مەکەوە، کوڕەکەش دەڵێ باوکە لە ژیانمدا بە قسەی تۆم نەکردووە و هەرچی گوتوتە پێچەوانەکەیم کردووە، ئەمجارە بە قسەت دەکەم و بارەکە ڕاست ناکەمەوە.

عەبادیش گوێ لە کەس ناگرێت، تا ئێستا لەو چوار مانگەدا، تەنیا یەک داوای کوردستانی جێبەجێ کردووە، ئەویش داوای حزبەکانە بۆ نەدانی مووچە، خودایە لە زیانی ئەو درۆیانە پەنامان بدە، دەوڵەتداری و پێکەوەژیان و ئیدارەدانی میللەت بە درۆ بەڕێوە ناچێت.

هونەرمەند دکتۆر ڕەوا کۆنسێرتێکی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت سازکرد

ناسیح عەلی خەبات: لەکۆشکی هونەری شاری سلێمانی بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو ئێوارەکۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند دکتۆر ڕەوا سازکرا، پێشتر هونەرمەند ڕایگەیاند ئەم کۆنسێرتە خێرخوازییە و داهاتەکەی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشتە.

شیعرێک بۆ نیشتیمان

ناونیشانی کورتە فیلمێکە لە نووسین و دەرهێنانی نەجات مەولودییەو هەریەکە لە شوان ئیبراهیم و نیوشا مدبیر ئەکتەری سەرەکی ئەو کورتە فیلمەن، کاری وێنەگرتنی ئەم کورتە فیلمە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و ئێستاش لە کوردستانی ئێران لە قۆناغی دوای بەرهەمهێناندایە، عومەر سەمیر پرۆدیوسەری کورتە فیلمی شیعرێک بۆ نیشتیمان گوتی ئومێدەوارین بەمزوانە بەشداری ڤیستیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا پێبکەین. هەروەها پرۆدیوسەری کورتە فیلمەکە، کارەکەی خۆیانی پێشکەش بەو پێشمەرگە و شەرڤانان و ئەو شێرە ژنە ئازایانەکرد کە لەسایەیی سەری ئەوانەوە خاکی کوردستان پارێزراوە، هەروەها عومەر سەمیر گوتی هیوادارم ئەرکی خۆمان بەجێ گەیاندبێت، هەرچەندە کارێکی کەمان بۆ ماندووبوونی ئەو قارەمانانە کردووە کە زامنی مافەکانی کورد و کوردستانن.

هونەرمەندی لاو ئەژدەر محەمەد پاڵپشتی لە عەفرین دەکات

بەرهەم شێخ عزەدین

زۆرن ئەو مرۆڤانەی لەناست پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان خاوەنی هەڵوێستن و دەنگ هەڵدەبڕن و بێ دەنگی دەشکێنن، هونەرمەندی لاو ئەژدەر محەمەد یەکێکە لەوکەسانەی لەسەرجەم بۆنە و یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەڕێگای هونەرەکەیەوە پاڵپشتی یانیش ناڕەزای دەردەبڕێت لەسەر ئەو ڕووداوەی بەسەرخاک و گەلەکەماندا دێت، لەماوەی ڕابردوو بۆ ڕیفراندۆم سرودی چڕی و لەدواتر بۆ کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر ناڕەزایی دەربڕی، ئەم هونەرمەندە لاوە کە لەشاری هەولێر دادەنیشێت لە دواکاری هونەری بەگۆرانییەک ناڕەزای بەرانبەر هێرشی دڕندانەی تورکیا بۆسەرخەڵکی سڤیلی عەفرین دەربڕی و پاڵپشتی بەرخودان وخۆڕاگری ئەوانی کرد. لەبەشێکی سرودەکەی دەڵێت: عەفرین تۆشوێنی قارەمانانی تۆناکەوێت تۆدەستەخوشکی کەرکووکی خیانەتت لێکراوی داگیرکراویت. ئەژدەر تایبەت بە «خەبات» دواو و گوتی: ئەرکی هەرتاکێکە لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان قسەی هەبێت، بۆیە منیش بەئەرکی سەرشانم زانی لەڕێگای هونەرە کەمەوە پاڵپشتی خەڵکی عەفرین بکەم و دژی داگیرکاری بوەستمەوە.

میران عەلی (شەوت شادبێت) تۆمار دەکات

تریسکە شێرزاد

هونەرمەندی لاوی شاری سلێمانی میران عەلی لە لێدوانێک بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەرقاڵی کارێکی هونەری جیاوازم لە کارەکانی تر بەناوی "شەوت شادبێ" لە ئێستادا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکەین کاتی بڵاو بونەوەی کلیپەکەم دیار نیە، هونەر مەند میران عەلی لە دایک بوی ساڵی 1995ی شاری سلێمانییە، بەشداری لەپرۆگرامی خۆشترین دەنگ کرد.

ئاماژەی بەوەشدا هۆنراوە و ئاوازای گۆرانییەکە هی خۆیەتی، سیامەند فەقێ کاری تۆمارکردنی دەنگی بۆ کردووە، لە ستۆدیۆی ئەکتیڤ کاری بۆ کراوە، ئاماژەی بەوەشدا لە ئایندەیەکی نزیک لە شاری سلێمانی دەست دەکەن بە وێنەگرتنی کلیپەکە. گوتیشی: لەنەورۆ دا کلیپێکی خەندە ئامێز بڵاودەکەمەوە.

لە هۆڵەندا فستیڤاڵی پەیکەرە سەهۆڵییەکان بەڕێوەچوو

ساسان دەروێش - هۆڵەندا

فستیڤاڵی پەیکەری سەهۆڵ لە ئێستادا لە هەندێ وڵاتی جیهان و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بۆتە یەکێک لەسەرنجڕاکێشترین و جوانترین نمایشەکان لە هونەری خستنەڕووی سیمای فۆرمە جیاوازەکان کە بە هەزاران گەشتیار بۆلایی خۆیان ڕاکێش دەکەن.

بۆ نموونە ساڵانە ئەم فیستیڤاڵە زۆربەفراوانی لە باکوری چین لە شاری هارین بەڕێوە دەچێت کە چەندەها شێوازی گەورە گەورەی تیا پیشاندەدرێت و بۆماوەیەکی زۆردەمێنێتەوە بەهۆی بوونی سەرمای 40 پلە لەژێر سفرەوە و لە 14وڵاتی جیاوازەوە پەیکەرتاشان بەشداری تیدا دەکەن لە 300هەزار مەتر سێ جا و زیاتر لە یەک ملیۆن ونیو تەماشکاری بۆ دەچێت ، بەهەمان شێوەش بۆ تەنها ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ، بەگوێرەی سەرچاوەکان مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم لەوکاتەی کە وڵاتی ژاپۆن بە دۆڕاوی لە شەڕەکەدا هاتە دەرەوە و دووچاری کارەساتی مرۆیی گەورەش بوویەوە، بیرۆکەی پەیکەرتاشی بەفر بەکورتی دەگەڕێتەوە سەر ئەو چیرۆکەی کە گوایە قوتابیانی قوتابخانەیەکی دوناوەندی لە شاری سابوری کە بەفرێکی زۆر باربووقوتابیانی ژاپۆنیش تازە وڵاتەکەیان لە شەری جیهانی بەدۆڕاوی هاتبووە دەرەوە هەروەها بێ کاری وقات وقڕی ڕووی لە وڵاتەکەیان کردبوولەکاتی بەفرباریندا ، چەند قوتابییەک بۆ بەسەربردنی کاتی خۆیان لەکاتی ڕومال کردنی بەفروخاوێن کردنەوەی قوتابخانەکانیان و کەلەکە بوونی بەفریان بەدەرفەت زانی بەشێوەی ئەندازەیی چەند شێوەیەکیان لە بەفرکە دروستکردو دواتر ئەوشێوانەیان بۆ شێوەی پەیکەر گۆڕی ئەمە سەرەتایەکی باش بووبۆ سەرنج ڕاکێشانی ئەوخەڵکەی کە بەوشێوەیەدا تێدەپەڕین، ئیدی ئەم کارە سەرنجی مامۆستا و قوتابیانی ڕاکێشاوبیرۆکەکەیان لەلادا گەڵاڵە بووکە ئەم کارە بکەنە پێشبڕکێ لە وەرزی زستان وخاوەن جوانترین پەیکەر خەڵات بکرێ وبەم شێوەیە لە ئیستادابەشێوەی فیستیڤاڵ بخرێتە ڕوو، مارک ڤان یاب یەکێک بوولە بەشداربووانی ئەمڕۆیی کێبرکێییەکە لەشخیفنینی هۆڵەندا و لەدایک بووی شاری ڕۆتردام بوو بۆخەبات دواگوتی ، خۆشحاڵم لەبەشداری ئەم جارەم فورمێکی ترم خستە ڕوو لە تاقیکردنەوەی ئەزموونی خۆم ، ئەوەجێدەهێڵم بۆ پسپۆران وئامادەبووان، ئەوەی بەڵای من وپەیکەرتاشان گرنگە لەم کەنارەدەریایەدا بەهەموونی ڕێبوارێکی زۆروئارەزومەندانی بینینی ئەم هونەرە ئارامییەکمان بەخشیووە بەهەموان کە بەسەرنجەوە لە دەورمان کۆبوونەتەوەوەڕوانن دەست و پەنجەو مشارەکانمان و خستنەڕووی شێوە جیاوازەکانمان کە دەبین وسەرنج بدەن کە بینەران چەند بەتامەزرۆوە وێنەیان لەگەڵ دەگرێ لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوخۆماندا پەیکەر تاشان تواناکانی خۆمان بەدەردەخەین لەدوای تەواوبوون وهەڵسەنگاندنی کارەکان کەسێک و پەیکەرەکەی دەبێتە براوەی خەڵاتەکە.